## هەموو لەژێر میچێکدا

ئیمپراتۆریە گەورەکان ڕۆڵێکی مەزن و بەرچاویان بۆ یەکگرتوویی و تێکەڵاویی فەرهەنگە بچووکەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکان گێڕاوە. هەر وەك ڕوونە، بیرکردنەوە، هەڵس و کەوتی مرۆڤەکان، کڕین و فرۆشی کاڵا و کەل و پەل و تێکنۆلۆژی لە ئیمپراتۆرییەکی گەورەدا باشتر و گورجتر لە ناو مرۆڤەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێ هەتا لە ناو کۆمەڵێکی بچووکدا. ئەوە زیاتر ئیمراتۆریە گەورەکانن کە دەبنە هۆی پەرەپێدان و پەیوەندیدانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا.

لە پلەی یەکەمدا، پرۆسەی ژیان ساکارتر دەکرێتەوە: زۆر دژوار دەکرێ حکوومەت بەسەر ئیمپراتۆرییەکی مەزندا بکرێ، ئەگەر هەر کام لە خەڵکەکان یاسا، خەت، زمان، فەرهەنگ و پارەی تایبەت بە خۆیان هەبێ.

دووهەم، ئیپراتۆریەکان بۆ بە فەرمیکردنی یاساکانی خۆیان، هەوڵی پێکهێنانی کولتورێکی یەکدەست دەدەن. لای کەم لە سەردەمی "کورش" یا "کین شاهۆنگدی[5]"یەوە ئیمپراتۆرییەکان بۆ چالاکیەکانیان لە ڕیگاسازییەوە هەتا کوشت و بڕی خەڵکەکان، بەردەوام پاساوێکیان بۆ هەڵس و کەوتەکانیان دۆزیوەتەوە.

بەرەکەت و نیعمەت و سەروەتی ئیمپراتۆرییەکان هەر چۆنێك بووبێ، لای حاکمان کارێکی سروشتی بوە و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لە خزمەت خەڵکەکان دان و خەمخواریانن. داکۆك کارانی سیستەمی حکوومەتی ئیمپراتۆری چین جیرانەکان و مرۆڤ و خەڵکانی بێگانەیان وەك مرۆڤی بەربەڕ و فەقیر سەیر کردووە. حاکمان یاخود قەیسەرەکان ئەرکێکی ئیلاهیان بەدەستەوە گرتووە، نەك بۆ ڕووتانەوەی جیهان بەڵکوو بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی سەر ئەم هەردە. تەنانەت ڕۆمییەکانیش لەسەر ئەو قەناعەتە بوون کە ئازادی، دادپەروەری، ئاشتی و ڕووناکایی کولتوریان بۆ ئەو مرۆڤە بەربەڕە فەقیرانە بە دیاری هێناوە. ئیمپراتۆری ماوریا "Maurya" لە سەدەی سێهەم پێش زایین بە ئەرکی سەرەکی خۆی زانیوە کە ڕێگای مرۆڤی ئاسایی بە ڕۆشنایی خستنەسەری ئایینی بوودایی، دیاری بکات. خەلیفەکانی ئیسلامی بیر و بۆچوونی پێغەمبەرەکەیان "محەمەد" وەك پەیام و ئەرکی ئیلاهی بەدەستەوە گرتووە و بە پێی گونجان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، دەنا بە زەبری شمشیر بەسەر خەڵکەکاندا سەپاندووە. هێزە جیهانییەکانی وەك ئیسپانیا و پرتەقاڵ گوایە بەدوای زێڕ و ماڵ و سەروەت نەکەوتوونە گیانی خەڵکی بەڵکوو خویان بە پەیامنێری ئایینی مەسیحی و ڕزگارکەری ڕۆحیی داناوە. بۆ ئینگلیزیە

[5] کین پێکهێنەری خانەدان و ئیمپراتۆریی لە چین بووە.

مۆدێرنەکان ئیمپراتۆری کەرەسەیەك بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی لیبڕالی و ئازادی بازرگانی. ڕووسیەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئیمپراتۆرییەکەیان پاڵپێوەنەرێکە بۆ ئاڵوگۆڕی بێ ئەملاو ئەولای سیستەمی کاپیتالیزم بۆ دیکتاتۆری پرۆلتاریا. زۆربەی ئەمریکاییەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن ئیمپراتۆرییەکەیان بۆ دامەزرانی دیمۆکراتی و مافی مرۆڤ بە تایبەت بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەر شانە و تەنانەت ئەگەر بە زۆرەملی و بۆمبارانیش بووبێ دەبێ ئەو کارە بەڕێوە بچێ.

ئەو فەرهەنگەی ئیمراتۆتییەکان بڵاویان کردەوە بەرهەمی بیرکردنەوەی حاکمانی بلیمەت بووە. بەوهۆیەی لە سەرەتاوە هیچ مەبەستێکی ناسیۆنالیستی لە پشت نەبووە، توانیویانە زۆربەی خەڵکەکان لەژێر چەتر یاخود میچێکدا کۆکەنەوە. بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوەیەکی تایبەت، هەوڵی پێکهێنانی فەرهەنگێکی تێکەڵاو لە داب و نەریتی هەموو خەڵکەکانیان داوە. بۆ وێنە لە ئیمپراتۆری ڕۆمدا فەرهەنگێکی تێکەڵاو لە دابو نەریتی ڕۆمیەکان و یۆنانیەکان پێکهاتبوو، کە هەر دووك نەتەوەکان بە یەك چاو سەیریان دەکرد. فەرهەنگی عەبباسیەکان تێکەڵاوییەك بوو لە سەرچاوەی فەرهەنگی ئێرانی، عەرەبی و یۆنانی. فەرهەنگی مەغوولەکانیش کۆپییەك بوو لە ئیمپراتۆری چین.

درێژەی هەیە...